# فەریقی کوێخا تاڵیب

## ١٩٢٤-١٩٨٨

فەریق تالیب ساڵەح فەقێ عەبدوڵڵا، ناسراو بە میرزا فەریقی کوێخا تالیم لە عەشیرەتی شێخ سمایلی، ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی شانەدەری سەربە شارۆچکەی سەیدسادق لەدایک بووە. گوندی شانەدەری یەکێکە لە گوندەکانی عەشیرەتی شێخ سمایلی و دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەیدسادق  پێنجوێن. کوێخا تالیبی باوکی کە ساڵی ١٨٨٥دا لەدایک بووە، یەکێک بووە لە کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ناسراوەکانی شارەزوور. عەباس ئەلعەزاوی پارێزەر لە مێژووی عەشیرەتەکانی عێراقدا لە ساڵی ١٩٤٧دا دەڵێت کە عەشیرەتی شێخ سمایلی لە شارەزووردا دوو لقن، لقی شانەدەری و لقی بنەجود. تالیبی کوڕی ساڵەح سەرۆکی لقی شانەدەرییە . کوێخا تالیب پیاوێکی خوێندەوار بووە و هانی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، نەک هەر لەناو خێزان و گوند و عەشیرەتەکەی خۆیدا، بەڵکوو لە تەواوی ناوچەکەدا داوە. یەکێک بووە لەو کەسانەی کە لەگەڵ دانیشتووانی گوندی شانەدەریدا هاوکاری"کۆمەڵەیئیعانەی مەکتەبی هەڵەبجە"ی کردووە. پیرەمێردی نەمر لە لیستێکدا کە لە ساڵی ١٩٢٦، لە ڕۆژنامە "ژیان"دا بڵاوی کردووەتەوە دەڵێت "ئەهالی شانەدەری و کوێخا تالیب" بڕی حەفتا ڕوپیەیان داوە بۆ کردنەوەی قوتابخانەی هەڵەبجە . ناوبراو سێ جار ژیانی هاوسەریی لەگەڵ هەریەکە لە سەلما ئەحمەد، نەجمە حەمەعەلی و فاتیمە محەمەد فەتاح پێک هێناوە. پاش تیرۆرکردنی قادری برای لە ساڵی ١٩١٨دا، کە بە کوێخا قادر ساڵەح ناسراوە و یەکێک بووە لە کەڵەپیاوەکانی شێخ سمایلی، هاوسەرگیری لەگەڵ لە سەلما خانی هاوژینی قادری برایدا کردووە و دوو کوڕی بە ناوەکانی فەریق و تۆفیق لێی بووە. سەلما خان خۆیشی کوڕێکی بە ناوی فایەق لە کوێخا قادر هەبووە کە بە فایەقە فەنی ناسراوە. لە فاتیمە خانیش کوڕێکی بە ناوی تەحسین و کچێکی بە ناوی حومەیرا بووە. کوێخا تالیب لە ساڵی ١٩٦١دا کۆچی دوایی و کردووە و لە گۆڕستانی سەیدسادق ئەسپەردەی خاک کراوە .لە پاش کۆچی دوایی کوێخا تالیب،

فەریقی کوڕی بەرپرسیارییەتییەکی کۆمەڵایەتی زیاتری دەکەوێتە سەرشان. ئەو کە هەر لە منداڵییەوە زرنگی و چوستوچالاکییەکی زۆری پێوە دیار بووە، سەرەتا دەچێتە بەر خوێندنی حوجرە. لەوێ پاش وەرگرتنی وانە سەرەتاییەکانی حوجرە، لە ڕێگەی خوێندنی پەرتووکە ئایینییەکانەوە فێری عەرەبی و پاشان بەهۆی پەرتووکەکانی بوستان و گوڵستانی سەعدیی شیرازی و ئەسکەندەرنامەی نیزامیی گەنجەییەوە فێری زمانی فارسی دەبێت. فەریقی لاو کە بەهۆی خوێنەوارییەکەوە هەر زوو بە میرزا فەریق ناو دەردەکات، لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییانەی کە کوێخا تالیبی باوکی بۆی بەجێ هێشتووە، تۆڕێکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەرۆکخێڵ و کەسە خوێنەوار و ناسراوەکانی هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور و گەرمیاندا درووست دەکات. هەر ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی بتوانێت لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت. بۆ نموونە لەگەڵ کوێخا نەسروڵادا ڕاوێژ دەکەن و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خێزانێکی کەلهوڕ لە یەکێک لە گوندەکانی شارەزوور دەدەن، کە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە هەوڵی دەرکردنیان دەدرا، بەم بۆنەیەوە سوپاسنامەیەکی لەلایەن سەرۆکئێلی کەلهوڕ لە کرماشانەوە پێ گەیشتووە. کوێخا نەسروڵا کە سەرۆک عەشیرەتی شێخ سمایلی و هاوکات ئامۆزای فەریقی کوێخا تالیب بووە بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆی ئامادە نەبووبێت ئەمی دەستنیشان کردووە و بەشداری ئەو بۆنە کۆمەڵایەتییانەی کردووە .لە ساڵی ١٩٤٥دا لەگەڵ سەلما مستەفا محەمەددا هاوسەرگیری دەکات و بەرەنجامی ئەم هاوسەرگیرییەی دوانزە منداڵ دەبێت کە چواریان بە ناوەکانی فازیڵ، ئەکرەم، بەختیار و جەمیلە زۆر زوو ماڵاوایی لە ژیان دەکەن، بەڵام منداڵەکانی تری بە ناوەکانی هیوا، شەفیق، ئازاد، تانیا، ڕێبوار، وریا و چیمەن هێشتا لە ژیاندان. حەلیمە خانیش لە ساڵی ٢٠٢٢ لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە و لەوێ ئەسپەردە کراوە. لە ژیانیشیدا هەر تەنیا یەک جار هاوسەرگیری کردووە و سەلما خانی خێزانی لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە عەربەت کۆچی دوایی و کردووە و لە گۆڕستانی ئەوێ ئەسپەردەی خاک کراوە .تەمەنی لاوێتی میرزا فەریق هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردنی بیری پێشکەوتنخوازی لە ناوچەکەدا بە ڕابەرایەتی هەریەکە لە حیزبی شیوعی و حیزبی

هیوا. له سەرەتادا لەژێر سەرۆکایەتی مامۆستا ڕەفیق حیلیمدا بووەتە ئەندامی حیزبی هیوا و له خۆشەویستیشییەوە بۆ ئەم حیزبە، پاش داخستنی له ساڵی ١٩٤٦دا، ناوی یەکەمین منداڵی خۆی دەنێت هیوا، که ساڵێک پاش ئەم ڕووداوە هاتبووە دنیاوە. میرزا فەریق که خاوەنی بیرێکی نەتەوەیی چەپگەرا بوو، پاش هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا، دەچێتە ناو ڕیزەکانی گرووپی شۆڕشەوە که باڵی چەپگەرای حیزبی هیوا بوو. وەختێکیش له ساڵی ١٩٤٧دا گرووپی شۆڕش دەچنە ناو حیزبی شیوعییەوە، ئەمیش لەگەڵیاندا دەبێتە ئەندامی ئەو حیزبە. بەهۆی باش تێپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەندامێتییەوە، زۆر زوو له هەڵەبجە و ناوچەی شارەزووردا ناوبانگ پەیدا دەکات. خوێندەوارییەکەشی یارمەتیی دەدات بۆ ئەوەی هاوشان لەگەڵ خزمەتکردن و داکۆکیکردن له مافی جوتیاران، بەگژ سیستمی کۆمەڵایەتیی سەردەمەکەدا بچێتەوە و بووەتە یەکێک لەو کەسانەی که هاوکاری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی شیوعییەکانی کردووە. بێجگە لەوەش خەڵکی گوندەکەی و ناوچەکە گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن که پاش کردنەوەی قوتابخانەی کوڕان له گوندی شانەدەری له ساڵی ١٩٥٢دا، یەکێک بووە لەو کەسانەی هانی خەڵکی ناوچەکەی دەدا تا منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن، چونکه باوەڕی وەها بوو که خوێندەواری تاکە ڕێگەی ڕزگاری کۆمەڵایەتییە لەدەست جەور و ستەم. هەر بەمەوە ناوەستێ و له ساڵی ١٩٦١دا بە هەوڵدانێکی زۆر قوتابخانەیەکیش بۆ کچان دەکاتەوە و وەک یەکەمین کەسیش، حەلیمەخانی کچی دەنێرێتە ئەو قوتابخانەیە که له خانوویەکی کرێی بەرانبەر قوتابخانەی کوڕانی شانەدەریدا بووە. شەیدایی خۆیشی بۆ خوێندەواری و زانست وای لێ دەکات له کۆتایی شەستەکاندا بەشداری تاقیکردنەوەیەک بکات بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستا، بەڵام بەهۆی ئەرکی کۆمەڵایەتی و ڕووداوەکانی دەوروبەرییەوە بەداخەوە ئەم خواستەی بەدی نایەت .سەردەمی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو هاوکات بووە لەگەڵ جەور و ستەمی ڕژێمی پاشایەتیی کۆنەپەرستدا، هەر بۆیە لەگەڵ هاوڕێ پێشکەوتنخوازەکانی تریدا بەردەوام لەژێر چاودێریی سیخوڕەکانی ڕژێمی پاشایەتیدا بووە. بەڵام له ساڵی ١٩٥٨دا و پاش کەوتنی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستە، له بۆنەیەکی نیشتمانیدا، له بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی وتاری جوتیارانی بۆ بەرگریکردن له

یاسای چاکسازی زەویوزار خوێندووەتەوە. بەڵام سەرباری شیوعیبوونیشی لە ساڵی ١٩٦١دا، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا دەگیرێت و ماوەی چەند مانگێک دوور دەخرێتەوە بۆ حیلە و لەوێ بەند دەکرێت پاشان بە لێبوردنێکی قاسم ئازاد دەکرێت . فەریقی کوێخا تالیم کە قاڵبووی نێو بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی و شۆڕشگێری بوو، کەسێکی نەترس و بوێر بووە. لە سەرەتای ساڵانی شەستدا بەپرسی ڕێکخراوی سەیدسادقی حیزبی شیوعی و فەرماندەیەکی چەکدارییش بووە. محەمەد ئەمین پێنجوێنی، کە ئەندامی لیژنەی شارۆچکەی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی لە هەڵەبجە و بەرپرسی شارەکەش بووە، دەگێڕێتەوە لە ڕۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا لە کوبوونەوەی ڕێکخستنەکانی حیزبدا لە ماڵی مەحمود شەریف هەلاج، لە ڕادیۆوە ئاگادار بووین کە ئینقلاب بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کراوە و کوشتویانە. پاش هەڵپەساردنی کۆبوونەوەکە، داوامان لە حیزب کرد کە چی بکەین، ئەوانیش لە سلێمانییەوە چەند ڕاسپاردەیەکیان لەپێناوی پاراستنی ڕێکخستن و ئەندامانی حیزب بۆ ناردین کە لە خاڵی سێیەمیدا هاتبوو "لە هەرجێگەیەک بەباشی دەزانن بنکەیەکی چەکداری دابنێن، بۆ ئەوەی هەر هاوڕێیەک ترسی گرتنی هەبێ، ڕووی تێ بکات". دوای ڕاوێژ و کۆبوونەوەی ڕێکخستنەکان لەگەڵ جوتیارانی شارەزووردا، بڕیارمان دا بنکەیەکی چەکدار لە "وڵەسمت" دابنێین. پاش گەیشتنیشمان بە گوندی شانەدەری، شەوێک لەلای هاوڕێ فەریقی کوێخا تالیب ماینەوە و بڕیارمان دا هاوڕێ فەریق ببێتە بەرپرسی هێزە چەکدارەکە و هەر لەمڕۆیشەوە دەستبەکار بێت. دواتر لە چەوتان و کۆڵیتان کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ جەلالی چەوتان، کوێخا قادری کۆڵیتان، مەلاعەلی دوتاقاچ و کوێخا قادری زەنگیسەردا کرد و داوام لێ کردن کە یارمەتیی هاوڕێ فەریقی کوێخا تالیب بدەن کە بەرپرسی بنکە سەربازییەکەی وڵەسمت بوو . چوار مانگ دوای ئەم ڕووداوە، لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا زەعیم سدیق پەلاماری سلێمانی دەدات و شار خەڵتانی خوێن دەکات. لە ڕۆژانی دواتریشدا بەرەو ناوچەکانی شارەزوور و هەڵەبجە دەچێت و بۆ ماوەی سێ مانگ کارەساتی گەورە لە ناوچەکەدا دەخوڵقێنێت. یەکێک لەو شوێنانەی کە زەعیم سدیق بە خۆی هێزە وێرانکەرە بەعسییەکەیەوە ڕووی تێ دەکات گوندی شانەدەری بووە. پێش گەیشتنی، بە داخەوە

زۆربەی پەرتووک و بڵاوکراوە و نامە و دەستنووسەکانی کە ساڵانێک بوو پاراستبوونی و ئەرشیڤێکی گەورەی خێزانی و تایبەتیی فەریقی کوێخا تالیب بوون، دەخەنە کۆنەچاڵێکی گەنمەوە و دەیسوتێنن، چونکە ترسی ئەوەیان هەبووە کە دەستی بەسەردا بگیرێت. پاش گەیشتنیان، هێزە سەربازییە سەرکوتکەرەکە نزیکەی حەفتا کەس لە پیاوانی شانەدەری دەخەنە ژێر لوولەی تفەنگەکانیانەوە. زەعیم سدیق داوا دەکات کێ عەرەبی دەزانێت تا قسەی لەگەڵدا بکات. فەریقی کوێخا تالیب لەناو گیراوەکاندا دەهێننە دەرەوە و قسە لەگەڵ زەعیمدا دەکات. ئەویش بە زمانی هەڕەشە و سووتاندن و لەناوبردن قسە دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە دەبێت ڕادەستی خواستەکانی ببن. پاش ڕۆشتنی ئاگاداریان دەکاتەوە کە جارێکی تر دەگەڕێتەوە. لە پاش یەکەمین هەڵمەتی ترساندنی زەعیم سدیق، فەریقی کوێخا تالیب بەهۆی چالاکیی بنکە چەکدارییەکەوە لە وەڵەسمت، لەلایەن باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتییەکانەوە دەگیرێت، سەرەتا لەوێ لەگەڵ چەند ئەندامێکی حیزبەکەیدا زیندانی دەکرێت، پاشان دەیبەنە پێنجوێن و دواتر بۆ زیندانی ماوەتی دەگوازنەوە. لەوێ بڕیاری کوشتنی لەسەر دەدرێت. پێش جێبەجێکردنی فەرمانی کوشتنەکەی لەلایەن کەسانێکی دۆستەوە دەرباز دەکرێت و ڕزگاری دەبێت. لەو ماوەیەی کە ئەو لە زیندانی ماوەتدا بووە، خێزانەکەی هەڵدین و دەچنە گوندی کەچەڵی و پاشان بۆ گوندی عەرەبسوار. جارێکی تر زەعیم سدیق بە خۆی سوپاکەیەوە دەگەڕێتەوە، سەرەتا ماڵی کوێخا تالیب و میرزا فەریق و حاجی تۆفیقی باوکی پرۆفیسۆر جەزا تۆفیق تالیب و کوێخا نەسروڵای سەرۆک عەشیرەتی شێخ ئیسماعیلی دەسووتێنێت. لە ئەنجامی ئەمەوە خەڵکی شانەدەری تێکڕا گوندەکەیان چۆڵ دەکەن و لە دواتردا زۆربەی زۆری ماڵەکانی شانەدەری و قوتابخانەکەیش لەلایەن بەعسییەکانی ژێر فەرمانی زەعیم سدیقەوە دەسوتێنرێن. لە ئەنجامی ئەمەوە خێزانەکانی شانەدەری بە شێوەی دوو دوو و سێ سێ بەسەر گوندەکانی تردا دابەش دەبن و لەوێ جێیان دەکەنەوە. هەرچی ماڵی فەریقی کوێخا تالیمە لەلایەن دەسترۆشتووەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە لە ناوچەکەدا بۆ گوندی چەوتان دوور دەخرێنەوە بۆ ئەوەی لە خەڵک و کەسوکارەکەی خۆیان دابېڕێن. ئەم بارودۆخە بە جۆرێک بوو زۆربەی کات دوو پێشمەرگەیان لەبەر

دەرگای ماڵەکەیدا دادەنا بۆ ئەوەی چاودێری ئەو کەسانە بکەن کە هاتوچۆیان دەکەن. بەڵام سەرباری ناجۆریی بارودۆخەکە، لەوێش دەستبەرداری خزمەتکردنی پرۆسەی خوێندەواری نابێت و لە ڕێگەی هەندێک پەرتووکی نیمچەسووتاوەوە، لەوانە ئەلفوبێی کوردی، کە لە قوتابخانە سووتاوەوەکەی شانەدەرییەوە دەستی کەوتبوون، وانەی بە منداڵەکانی خۆی و چەند منداڵێکی تری خەڵکی چەوتان وتووەتەوە. سەرەنجام لە ساڵی ١٩٦٥دا پاش دوو ساڵ بۆ گوندی شانەدەری دەگەڕێنەوە .لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕشی ئەیلولیشدا، سەرباری ئەوەی کە خۆی شیوعی بوو، بەڵام دریغی نەکردووە لە یارمەتیدانی شۆڕش، تەنانەت حاجی تۆفیقی برای یەکێک بووە لەو کەسایەتییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییانەی لە ساڵی ١٩٦٤دا لەسەر بانگهێشتی سەرۆک مستەفا بارزانی میوانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەڵادزێ بووە. هەروەها یارمەتیی کەسانێکی داوە کە هەوڵی گەیشتن بە سەرکردایەتی شۆڕشیان داوە. لەوانەش حسێن بەگ و عەزیز بەگی جوانڕۆ لە ساڵانی ١٩٦٧ یان ١٩٦٨دا دێنە ماڵەکەی و داوای لێ دەکەن کە ڕێگەیەکیان پیشان بدات بۆ ئەوەی بگەنە لای سەرۆک مستەفا بارزانی. ئەویش لە ڕێگەی شێخ لەتیفی شێخ مەحمودەوە دەیاننێرێتە لای بارزانی. فەریقی کوێخا تالیب کە کەسێکی نەتەوەیی بوو، پاش ڕێکەوتنی پێکهێنانی "بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز" لەنێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی لە تەموزی ١٩٧٣دا، وەک زۆرێک لە چەپە نەتەوەییەکان دانیشت و بۆ هەمیشە وازی لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعی هێنا و هەموو پەیوەندییەکی ڕێکخستنی لەگەڵیاندا پچڕاند. بە ڕادەستبوونی باڵی مەکتەبی سیاسیش بە مەیلی سیاسییانەی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٠دا، ڕەوشی پەیوەندییەکانی نێوان شیوعییە نەتەوەییەکان و پارتیش باشتر بوو. هەر بۆیە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ بەشێکی بەرپرسەکانی ئەوکاتەی پارتیدا هەبوو. لەوانە لەگەڵ شەهیدی فەرماندە فەتاح ئاغای ئامرهێزی خەباتی پارتی کە گفتوگۆ و نامەگۆڕینەوەیان لەنێواندا هەبووە. لە سەروەختی نسکۆیشدا، لە ساڵی ١٩٧٤، لەگەڵ خێزانەکەیدا دەچێتە ناوچەکانی بندەستی شۆڕش و بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگ لە باشماخ نیشتەجێ دەبێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی لەلایەن کەسانێکەوە کە ترسی ئەوەیان هەبووە شوێنیان بگرێتەوە دژایەتی

دەكرا، بڕیاری گەڕانەوە بۆ شانەدەری دەدات. وەختێک فەتاح ئاغای فەرماندە بەم گەڕانەوەیەی دەزانێت لە ڕێگەی بێتەلی یەکێک لە بازگەکانی پێشمەرگەوە هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دەدات بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە و لە ماڵەکەی ئەودا لە مەریوان نیشتەجێ ببێت، بەڵام ئەو سوپاسێکی زۆری فەرماندە فەتاح ئاغا دەکات و پێی دەڵێت کە هەرگیز چاوی لە پۆست و پلەوپایە نەبووە و ناشبێت. پێی دەڵێت لەو ماوەی شەش مانگەدا زۆر ئەزیەتیان داوە، بۆیە پاش ئەوەی دڵنیایی دەداتێ کە هەرگیز نابێتە بەعسی و ئەوەی پێی بکرێ لە یارمەتیدانی شۆڕش درێغی ناکات، داوای لێبوردنی لێ دەکات و دەگەڕێتەوە زێدەکەی. لەوە ماوەیەی دوای نائومێدی نسکۆی شۆڕش، زۆربەی کاتەکانی خۆی بە کشتوکاڵکردن و سەفەرەوە بەسەر دەبات، هاوکات لەژێرەوە یارمەتییەکی زۆری ڕێکخستنە نهێنییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی سیاسی و ئایدۆلۆژییان دەدات. لە چەندین شوێنی جیاوازەوە پەیوەندیی پێوە دەکرا و دەهاتنە ماڵەکەی تا ببێتە ئەندام و لایەنگری ئەوان، بەڵام ئەو هەمیشە دانی بەوەدا دەنا کە تەنیا کوردبوون و کوردپەروەری بەسە بۆ ئەوەی مرۆڤ شەرمەزاری نەتەوەکەی نەبێت. بەعسیش بە ئاسانی لێ نەدەگەڕا، بۆیە لە سەروبەندی درووستکردنی مەجلیسی تەشریعی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بە فەرمی شاندێکی ناردە لای کە پێکهاتبوون لە بەرپرسی مونەزەمەی سلێمانیی بەعس، ئامرلیوای سەیدسادق و کەسێکی تر تا خۆی بۆ ئەندامێتی ئەو مەجلیسە هەڵبژێرێت؛ لە بەرانبەریشدا لە هەولێر ماڵ و ئۆتۆمبێل و مووچەیەکی زۆری دەدرێتێ، بەڵام ئەو کە نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بوو، ئەم داوایەی بەعس ڕەت دەکاتەوە و بە بیانوی جیاواز خۆی لەو داوایەی بەعس دەکشێنێتەوە .فەریقی کوێخا تالیب کە هاندەرێکی سەرەکیی جوتیارانی شارەزوور بوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، خۆیشی جوتیارێکی کارامە و ماندونەناس بوو. ئەو یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو کەسانەی پاش دەرچوونی یاسای چاکسازی زەویوزار لە ٣٠ی ئەیلولی ١٩٥٨دا، لە ڕێگەی هاندانی جوتیارانەوە پشتگیرییەکی زۆری یاساکەی کرد و هەوڵێکی باشیشی دا بۆ جێبەجێکردنی لە ناوچەکەدا. باوەڕی وەها بوو کە تا جوتیارانی کوردستان ئازاد نەبن و نەبنە خاوەنی زەوی و بەرهەمی تەواوی خۆیان یەکسانی و دادپەروەری ناچەسپێت. هەر بۆیە سەرباری

پابەندییە حیزبییەکانی، هەمیشە وەک جوتیارێک ڕەفتاری دەکرد و باوەڕی بە ئاوێتەبوونی نێوان مرۆڤی ڕەنجبەر و خاک هەبوو. هەمیشە دەستی لەناو زەوی و کشتوکاڵدا بوو، دەیویست کەرتی کشتوکاڵی وەک بنەمایەکی سەرەکیی ئابووری ناوچەی شارەزووری گەشە بکات و پەرە بسێنێت. لەسەر ئەم بنەمایە، لە ساڵی ١٩٦٨دا یەکەمین بیری ئیرتیوازیی بەهۆی ئەندازیارێکی کەرکووکی بە ناوی کەمال فەزیل هنودی لە دەشتی ڕەقەی نەیریی گوندی شانەدەریدا لێ داوە. لەو سەردەمەدا خەڵکێکی زۆر بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەم کارەیان دەکرد و دەیانوت فەریق لەژێر زەویی ئەو دەشتە وشک و برینگەدا بەدوای ئاودا دەگەڕێت. بەڵام ئەو بەو ئەنجامە گەیشت کە دەیویست و لەم ڕێگەیەوە لەپێناوی دابینکردنی چەوەندەر بۆ کارگەی شەکری سلێمانی، لە یەکەمین کشتیارەکانی چەوەندەر بوو بە شێوەی بەراو، کە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا و بەهۆی ئەمەشەوە حکومەت هانی جوتیارەکانی شارەزووری دا تا بیر لێ بدەن و چەوەندەر بەرهەم بهێنن. یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو کەسانەی کە تراکتۆر و ئۆتۆمبێلی هەبووە لە شارەزووردا. زۆر کەرەستەی نوێی پیشەسازی کە لەو سەردەمەدا دەگمەن بوون، ئەم لە شارەکانەوە دەیکڕین و دەیخستنە خزمەت هەوڵە کشتوکاڵییەکانی .لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی دەستودڵ کراوە و خاوەن سفرە و خوان بوو. دیوەخانەکەی هەمیشە میوانی لێ بووە و سەرباری ئەوەی لە ڕووی دارایییەوە دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام خاوەنی دڵ و بیرکردنەوەیەکی زۆر دەوڵەمەندانە بوو. هەرگیز هیچ شتێکی لەسەر حسابی کەرامەت و بیرکردنەوەی، لە دەسەڵاتداران و ڕژێمەکانی عێراق وەرنەدەگرت. چەندین جار پێشنیارەکانی پارە و کەرەستە و پێداویستییە تایبەتەکانی لە کارمەند و کاربەدەستانی دەوڵەت ڕەت کردووەتەوە. لە هەمانکاتدا پیاوێکی نەرمدو و ئارام و ئەدەبدۆست بوو. هاوڕێی نزیکی قانیعی شاعیر بوو. هەر پەرتووکێکی کوردی لە بەغدا و کەرکووک و سلێمانی یان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ ببوایە پاش ماوەیەک نووسخەیەکیت لە پەرتووکخانەکەیدا پەیدا دەکرد. زۆر حەزی لە سەفەر و گەڕان بوو. بەم هۆیەوە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و عێراقدا دۆست و ئاشنای هەبوو. کەسێکی هونەردۆستیش بووە و لە ساڵەکانی چلەکاندا بەشداریی لە شانۆگەرییەکدا

کردووە کە لەبارەی جوتیاران و بەدەستهێنانی مافەکانیانەوە بووە و لە کەناری چەمی چەقان پێشکەش کراوە. لە ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٨٠یشدا دوو جار سەفەری ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی کرد و بەهۆی ئەو سەفەردانەیەوە جیهانبینییەکەی هێندەی تر فراوان بووبوو. ڕێزێکی زۆری لە ژنان دەگرت و بانگەشەی بۆ ئازادی و خوێندەوارییان دەکرد. لەگەڵ منداڵاندا کراوە و ڕووخۆش بوو و هەمیشە گیرفانەکانی پڕ بوون لەو شتانەی کە دەیتوانی منداڵێک دڵخۆش بکات .لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان و شەڕی ئێران و عێراقدا، بەهۆی بۆردومانە بەردەوامەکانی ئێران و پەیوەندییەکانی لەگەڵ پێشمەرگەدا، کە لە ڕووی مادی و مەعنەوی و زانیارییەوە بەردەوام لەگەڵیاندا بوو، ماڵەکەی دەگوازێتەوە بۆ شارۆچکەی سەیدسادق و پاشان بۆ سلێمانی لەوێ نیشتەجێ دەبێت. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨یشدا لە عەربەت نیشتەجێ دەبێت. بەڵام لەو ماوەیەدا لە شەڕکردندایە لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجەدا، تا دواجار لە ٢٥ی ئابی ١٩٨٨دا، بەهۆی ئەو نەخۆشییە کوشندەیەوە کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی عەربەت ئەسپەردەی خاک دەکرێت.

ئامادەکردنی: دڵشاد هیوا فەریق